




# گشت ئۆتۆمبێلێک دەبێتە سمارت

دوای چەند ساڵی دیکە گشت ئۆتۆمبێلەکان دەبنە سمارت، واتە ئەوەی پەیوەندی بە ئۆتۆمبێلەکەت بێت لە شاشەی سەر ئۆتۆمبێلەکەت دەزانی، وەك زانیاری ورد لەبارەی ئۆتۆمبێلەکەتەوە، نیشاندانی گرفتەکان، لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتی شۆفێر و زۆر زانیاری تر، ئەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هۆشمەند نین و ئاساییین ئایا بیرێك لەوان کراوەتەوە، بەڵێ بەهۆی تەکنەلۆژیای cardroid کە سایزێکی بچووکی هەیە و لە ئۆتۆمبێلە ئاساییەکان پەیوەند دەدرێت، دەکرێت هەڵسوکەوتی شۆفێر لەکاتی لێخوڕیندا، گرفتەکانی ئۆتۆمبێل، چاودێری کردن لەبەر ئەوەی نەدزرێت، زانیاری ورد لەبارەی ئۆتۆمبێل وەك کێشەی بەنزین، کەمبوونی هەوای تایەکان و کەمبوون و گرفتی ڕۆنی مەکینە و گێڕ و زۆر شتی دیکەش لەبەرچاو دەگرێت.. گشت ئەو زانیارییانەش بۆ مۆبایلێك بەرێ دەکات کە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە.. یان ئەگەر شۆفێرەکە تووشی گرفت بوو پەیامێکی ئاگادارکردنەوە بۆ مۆبایلێك بەرێ دەکات.




# سەوزە چاندن لە سـ

ڕەنگە هەر هەموومان حەز بکەین لە گۆشەیەك لەماڵەوە شوێنێك هەبێت سەوزەی لێ بچێندرێ، بەڵام ئەو شوێنە لەناو جەرگەی ماڵدا گیر ناکەوێت ئەگەر هەبێ سەوزەی لێ ناڕوێ، ئامێری Miracle gro ئەو هەلە دەرەخسێنێ لە ماڵەوە هەمیشە سەوزەی نوێتان هەبێت. لە ماڵدا شوێنێکی کەم

# چاوخشاندنێک بەسەر پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا

پیشانگای نێونەتەوەیی (CES) کە کورتکراوەی Consumer Electronics Showە بە مانای پێشانگای کەلوپولی ئەلکترۆنی دێت، گەورەترین رووداوی تەکنەلۆژی ساڵانە لە بواری تەکنەلۆژیای سەردەمدا، هەموو ساڵێك لە ٧ هەتا ١٠ مانگی یەك لە شاری لاس و ڤیگاسی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕێوە دەچێت. کۆمپانیا گەورەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دوایین دەستکەوت و بەرهەمەکانی خۆیان لەم پیشانگایەدا نیشان دەدەن.

شایانی ئاماژە پێدانە یەکەمجار ئەم پیشانگایە لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری نیویۆرك بەڕێوەچوو، لە ساڵی ١٩٧٨ تا ئێستا ساڵانە دووجار بەڕێوە دەچێت، پێشانگای زستانە و پێشانگای هاوینەی پێدەگوترێت..

پیشانگای CES ٢٠١٦ لە ٧ هەتا ١/١٠ لە شاری لاس و گاس دەستی پێکرد، ٣٥٠٠ کۆمپانیا بەرهەمەکانیان لەم پیشانگایەدا خستەڕوو، زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسیش ئامادەی پیشانگاکە بوون. ئێمەش لە فایلی IT ی گۆڤاری گوڵاندا هەوڵدەدەین ئەو ئامێرە تەکنەلۆژییە گرنگانەی کە لە پیشانگاکەدا نیشاندران بە ئێوەی خوێنەری بەڕێز بناسێنین..





## بە هۆی ئەو ئامێرەوە پارێزگاری لە دڵتان بکەن

دڵ مەکینەی و دینەمۆی گیاندارە، ئەگەر کێشەیەکی بچووکیش بۆ دڵ بێتە پێش، کێشەی گەورەی جەستەیی تووشی خاوەنەکەی دەکات، گەلێك جاران بۆ زانینی زەختی دڵ سەردانی پزیشك دەکەی تا بزانی تەندروستیت لە چ ئاستێکدایە.

لەمەولا بەهۆی ئامێرێکی بچووك بە ئاسانی دەتوانی هۆکارە گرنگەکانی تەندروستی خۆت بزانی، وەك زەختی دڵ، لێدانی دڵ، ڕێژەی ئۆکسجین لە خوێندا بزانی.

ئامێری MOCE heart ئامێرێکی بچووکە، هەر ئەوەندە بەسە پەنجەکانی هەردوو دەستەکانت لەسەر ئەم پارچەیە دابنێی، تاکو لە ماوەی چەند چرکەدا سکانی بکات. ئامێرەکە بەهۆی سیستەمی بلوتوس لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و هەمیشە دەزانی تەندروستیت لە چ ئاستێکدایە.




## ـــــەردەمی دیجیتالیدا


دەگرێت تەنانەت ئەوەی کە زۆر شارەزای سەوزە چاندنیش نەبێت دەتوانێت بەهۆی ئەو ئامێرەوە باخچەیەکی بچووکی هەبێت.. لەگەڵ ئەم باخچە دیجیتالییەدا تووی ٩ سەوزە هەیە، ئەو گلۆپەی لەسەر ئەم ئامێرەیە دەتوانێت رووناکی پێویست بۆ گەشەکردنی سەوزەکە دابین بکات.




## ئامێرێك بۆ چاودێری گیانلەبەرانی ماڵی

زۆر كەس ئۆگریان بە راگرتنی گیانلەبەرانی ماڵییە، وەك سەگ و پشیلە و باڵندەی جۆراوجۆر.. گەلێك جاران ئەو كەسانە كە دەچن بۆ گەشتێك یان سەیرانێك گرفتی سەرەكیان جێهێشتنی ئەو گیاندارانەیە لە ماڵەوە، زۆر كەسیش ناچار دەبێت ئاگاداری گیانلەبەران بە هاوسێ و یان كەسی نزیكیان بسپێرن.. ئامێری petzi cam موژدەیەكە بۆ ئەو كەسانە، چونكە ئەوكاتەی كە لەماڵەوەش نەبن دەتوانن بە ئاسانی بەهۆی ئەو ئامێرەوە تەنیا لەرێگای مۆبایلەكانیانەوە ئاگاداریان بن و خواردنیان پێ بدەن، واتە لەكاتێكی دیاریكراودا بە داگرتنی دووگمەیەك خواردنەكە لە ئامێرەكە دەكەوێتە ناو قاپی خواردنی گیانلەبەرەكە، جگەلەوەش كامێرایەكی لەسەرە دەتوانی ئاگاداری وەزعیەتی گیاندارەكە بیت لەماڵەوە..

## رۆباتێک بە داروديوار هەڵدەچێ



لە دونیای تەكنەلۆژیادا ئەم دوو ساڵە هیچ ئامێرێكی تەكنەلۆژی بەقەد رۆبۆت كاری لەسەر نەكراوە، رۆبۆتەكان جێگای خۆیان لە ژیانی شەخسیمان دا دەكەنەوە، دەبنە كاركەری ماڵەوە، دەبنە سكرتێری نووسینگەكان، دەبنە پاسەوان و چاودێر.. تاد. رۆبۆتەكان جیاوازن و ئەركەكانیشیان جیاواز بۆ نموونە رۆبۆتی VertiGo ئەو رۆبۆتەیە كە نە تەنیا لە سەر زەوی بەڵكو بەدارو دیواریش هەڵدەچێت. دوو باڵی بچووكی فڕۆكە و ٤ تایە لەو رۆبۆتەدا سوودیان لێوەرگیراوە. رۆبۆتەكە لە داهاتوودا گرنگییەكی زۆری دەبێت بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنە بەرزانەی كە مرۆڤ بە ئاسانی دەستی پێی ناگات، بەتایبەت بۆ كاروباری پەیوەندیدار بە كارەباوە...

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێكی بەرێز دەپرسێت لەوكاتەوەی كە ویندۆز١٠م خستۆتە سەر كۆمپیوتەرەكەم بەردەوام ئەپدیت دەیێتەوە زۆربەی هێڵی ئینتەرنێتەكەم بەوەی دەرِوات چ بكەم كە ئۆتۆماتیكی ئەپدیت نەیێتەوە؟**

خوێنەری بەرێز بۆ وەستاندنی ئەپدیتی ئۆتۆماتیكی ویندۆز١٠ ئەم هەنگاوانە بگرە بەر.

دوو دوگمەی windows+R لێبدە، پاشان كە پەنجەرەیەك كرایەوە ئەمە بنووسە Services.msc دوای ئەوە لاپەڕەیەك دەكرێتەوە لەودا لەسەر فەرمانی Windows Update دووجار كلیك بكە و پەنجەرەیەكی دیكە دەكرێتەوە، پاشان لە بەشی Startup Type فەرمانی Disable لێبدە، لە كۆتاییدا فەرمانێك هەیە بەناوی stop و دایبگرە ئیدی ئەپدیتی لەخۆوە دەوەستێ.



# ئامێرێک لە خزمەت تەندرستی ئێوەدا

ئامێری Inawez یەکێك لەو سەدان ئامێرەی کە تایبەتە بە خزمەتگەیاندن بە تەندروستی مرۆڤ، بەهۆیەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی هۆشمەندانە زانیاری لەسەر هەموو ئەندامانی جەستە بەدەست بێنیێ. Inawez هەستەوەرێکی لەمسی، سیتسەمێکی کۆنترۆڵی لێدانی دڵ و ماکێکی بەهێزی هەیە. جگە لە کۆنترۆڵی لێدانی دڵ، ئەو هەنگاوانەی دەیانپێوی، رێژەی سووتاندنی وزە، جوڵەکان بە گشتی هەرچی لە جەستەدا روو دەدات بیخاتە ژێر چاودێری..

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی خشتە و فلۆچارت



یەکێك لە پرۆگرامە هەرە بەهێزەکانی دروستکردنی خشتە و فلۆچارتی جۆراوجۆر پرۆگرامی Edrwa max، بەهۆی ئەم پرۆگرامە دەتوانیت ئەوەی مەبەستە لە دیزاین و روونکردنەوە و دەرخستنی مەبەستەکانت لە هەر بوارێك بێت سوود وەربگری. بۆ نموونە بەنیازی داری بنەماڵە واتە سەرجەلەی بنەماڵەیەك دروست بکەی بە ئاسانی بەو پرۆگرامە دروست دەکرێ، یان دەتهەوێ ئامار و داتاکان بە خشتە و فلۆچارت نیشان بدەی بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ... یان بە نیازی تۆڕی ئاو تۆڕی ئەنتەرنێت بە گشتی هەر تۆڕێك کە نیازت بێت لەسەرەتادا بەم پرۆگرامە دیزاینەکەی دادەرێژی.. پرۆگرامێکی تەواو گرافیکییە. لە خودی پرۆگرامەکەدا زیاتر لە هەزار نەخشەی تێدایە..



# وێنەکانتان بە بۆردی ئەم سایتە هەڵواسن

لە زمانی ئینگلیزیدا PIN بە مانای دەرزیلە دێت، سایتی Pinterest ئەو سایتەیە کە دەکرێت وێنە و بابەتەکانتان بە دەرزیلە بەو سایتە هەڵواسن، ئەوانەی بەفرگریان هەیە دەبینن بە موگناتیس چەند دیکۆرێکی جوان یان لیستی خۆراکێك بە بەفرگەکە هەڵدەواسن، ئەو سایتەش دروست وەك ئەوە دەچێت لەسەرەتادا ئەو وێنەو و بابەتانەی کە خۆت نیازتە بەلاپەرەی خۆت لە سایتەکە هەڵدەواسی و دەتوانی سەیری لاپەرەی هاورێیانیشت بکەی، بە تێپەرینی کات سایتەکە تێدەگات کە تۆ حەزت لە چ بابەت و وێنەیەکە بۆیە پێشنیاری وێنە و بابەتی نزیك لە بابەت و وێنەکانی خۆت بۆ دەکا..